# را پۆرتی ڕەوشی مافی مرۆڤ لە عیراق :لە كانونی دووەم تا حوزەیرانی 2012

## پێشنیارە تایبەتەكان بۆ حكومەتی هەرێمی كوردستان

1- كاراكردنی دەستەی سەربەخۆی مافەكانی مرۆڤ و مسۆگەركردنی ئەوەی كە لەگەڵ پرنسیپەكانی پاریس دەگونجێت.

2- ئە نجامدانی چەند چاكسازیەكی یاسایی و دامەزراوەیی بۆ رێگەگرتن لەتوندو تیژی ناو خێزان لە پاڵ ئەوەشدا دەستەبەر كردنی ریفۆرم و دوبارە شیاندنەوەی قوربانیان و ئامادە كردنەوەیان و وەرگرتنی رێچكەی یاسایی دژ بە ئە نجامدەرانی تاوانەكان و پەیڕەو كردنی تەواوی یاساكان وەكو یاسای بەرەنگار بوونەوەی توندو تیژی خیزانی و دانانی سیاسەت و یاسای گونجاوو تازە بە پێی پێویست .

3- ئاسانكاری بۆ جێبەجێكردنی ئیش و كارەكانی كرێكارە بیانیەكان و یەكخستنی هەموو رێوشوێنەكان لە ئوفیسیك یان وەزارەتێكدا و تاكید كردنەوە لەوەی كە زانیاریەكان دەربارەی پرۆسەی تۆماركردن جیاوازە, هەروەها ماف و ئەركەكانی ئەو كرێكارە بیانیانەی كە دێنە ناو وولات بە چەند زمانێك بڵاو بكرێتەوە . لیكۆڵینەوەو گرتنەبەری رێچكەی یاسایی توند لە دژی ئەو كۆمپانیانەی كە لە ماوەی یاسایی كرێكارەبیانیەكانیان تۆمار ناكەن.

4- بەردان یان دادگایی كردنی ئەو كەسانەی كە ماوەیەكی زۆر لە گرتووخانەكان ماونەتەوە بەبێ دادگایی كردن.

5- ئە نجامدانی چاكسازی لە سیستمی دادوەری وە بوونی سەرچاوەی تەواو بۆ رووبەڕو بوونەوەی بارستایی كارەكان . تاكید كردنەوە لەوەی كە دادوەرەكان ئاگاداربن لە هەموو پێشوەچونە یاساییەكان و بەردەوام نەبن لە پەیڕەو كردنی یاسا كۆنەكان لەو شوێنانەی كە پەرلەمانی حكومەتی هەرێمی كوردستان یاسای تازەی تێدا دەركردووە.

6- تاكید كردنەوە لەوەی كە دادگاكان تەنها پەیرەوەی یاسای رۆژنامەوانی ژمارە 35ی ساڵی 2007 دەكەن لەو كەیسانەی كە پەیوەستن بە رۆژنامەنوسان.

7- جێبەجێ كردنی پلانی كاری هەرێمی مافەكانی مرۆڤ لە میانی دامەزراندن و جێبەجێكردن و چاودێری و تەرخانكردنی سەرچاوە.

8- ئە نجامدانی چاكسازی لە بوارەكانی یاسایی و دامەزراوەیی و بودجەدا بۆ دەستەبەركردن و رێزگرتن لە مافەكانی كەسانی پێداویستی تایبەت و بۆ ئەوەی بتوانن بە تەواوی تێكەڵ بن لەگەڵ كۆمەڵگادا.

## كورتكراوەی كاری جێبەجێكراو

### هەرێمی كوردستان

ڕەوشی مافی مرۆڤ بە گشتی لە هەرێمی كوردستاندا بەردەوامە لە پێشوەچون ,لەگەڵ بوونی ئاستەنگی زۆر لە بوارەكانی ئازادی كۆبونەوەو ئازادی را دەربڕین و پاراستنی رۆژنامەنوسان.

هەرێمی كوردستان هیچ جۆرێك لە توندو تیژی و یاخیبوونی چەكداری بەخۆیەوە نەبینیووە تەنها ئەوە نەبیت هەندێك لەو خەڵكە سڤیلانەی كە لە ناوچەكانی نزیك سنورەكاندا دەژین ڕووبەڕوی بۆمب باران و ئۆپەراسیونە سەربازیەكان بونەتەوە كە لەلایەن هێزە بیانیەكانەوە ئە نجام دەدرێت.

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە چاککردنی بارودۆخی زیندانیان بە دروستکردنی باڵەخانە یان پلان دانان بۆ دروستکردنی زیندانی تازەو پەیڕەو کردنی بەرنامەی چاکسازی لە زیندانەکان لەگەڵ ئەوەشدا هەندێ حاڵەتی قەرەباڵغی لە ناو زیندانەکان هەندێ جار بەدی دەکرێت.ڕا پۆرتەکان لەسەر پێشیلکارییەکان لە کەمبوونەوە دایەو حکومەتی هەرێمی کوردستانیش وەك دەستپێشخەری ئامادەیی دەربڕیوە لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە هەر پێشیلکاری و هەڵسوکەوتێکی خراپ کە لە ناو زیندانەکاندا ئەنجام بدرێت . تا ئێستاش نیگەرانی بەردەوامە لەبەر ئەوەی ئەوانەی کە بە تاوانی تیرۆر دەستگیر کراون ماوەیەکی زۆر لە زیندان دەمێننەوە بەبێ ئەوەی تاوانیان ئاراستە بکرێ یان دادگایی بکرێن ,ئەوەش هەندێك لەوکەسانە دەگرێتەوە کە لە چەند ناوچەیەکی دەوروبەری شاری موسڵ لەلایەن هێزەکانی ئاسایشەوە دەستگیر کراون.

نیگەرانیەکی بەردەوام هەیە دەربارەی ئازادی ڕا دەربڕین لە هەرێمی کوردستان لەگەڵ چەند ڕا پۆرتێك کە چەند ڕۆژنامەنوسێك بوونەتە ئامانج و هەندێك جار ترساندن و تۆقاندنیان بەهۆی ئەو بابەت و ڕا پۆرتانەی کە بلاّوی دەکەنەوە .

حکومەتی هەرێمی کوردستان چەندین ریفۆرمی گرنگی ئەنجام داوە لە بواری تەشریعیدا ,لەوانەش لەخۆگرتنی یاسای لێبوردنی گشتی کەوا سزای لەسێدارەدان دەگۆڕێت بۆ زیندانی هەتا هەتایی بە مەرجێك ئەگەر ئاشتبوونەوەی لایەنەکان ئەنجام درابێت لەبەردەم ئەو لێژنەیەی کە بۆ ئەم مەبەستە پێکهێنراوە وە ئەمەش تەنها نۆ تاوان نەبێت کە یاساکە نایانگرێتەوە.

شایانی وتنە, حکومەتی هەرێمی کوردستان پلانی کاری هەرێمی خۆی زۆر کارا کردوە لە بواری مافی مرۆڤ بۆ گەیشتن بەو ئامانجەی کە چاکسازی یاسایی و دامودەزراوەی و سیاسی ئەنجام بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کەموکوڕیەکان لە بواری پاراستنی مافی مرۆڤ. هەرچەندە جێبەجێ کردنی پلانەکەو دامەزراندنی ئەنجومەنی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤ بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

## 1.1. بەندکردن و سەروەری یاسا لە هەرێمی کوردستان.

( یونامی ) سەردانی بەردەوام دەکات بۆ گرتوخانەکانی کە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەڕێوە دەچێت. هەرچەندە دوو گرتوخانەی فیدرالی نەبێت لەو هەرێمە کە نەیانهێشتووە کارمەندەکانی مافی مرۆڤی سەر بە نەتەوە یکگرتوەکان سەردانیان بکەن. بە گشتی بارو دۆخی ئەو گرتوخانانەی کە لە لایەن وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلاّیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بەرێوە دەچن مایەی ڕازی بوونە تەنها گرتوخانەی ( السلام ) لە شاری سلێمانی و گرتوخانەی ( المحطة ) لە شاری هەولێر نەبێت کە گرفتی قەرەباڵغیان تێدا هەیە.وە لە ئیستاشدا دروستکردنی گرتوخانەی تازەش لە ئارادایە. ئەو گرتوخانانەی کە لە لایەن ئاسایشەوە بەڕێوە دەچن ئەوانیش مایەی ڕازی بوونن جگە لە گرتوخانەی ئاسایشی گشتی لە هەولێر کە گرفتی قەرەباڵغی و هەوا گۆرکێی هەیە. لایەنە پەیوەندارەکان بە ( یونامی ) ڕاگەیاندوە کە لە بواری ئەوەدان ئەم کێشانە چارەسەر بکەن.

هەروەك بەشەکانی تری عیراق , یونامی نیگەرانە لە زۆر مانەوەی گرتووەکان لە زیندان پێش دادگایی کردن بە تایبەتیش لە گرتوخانەکانی سەر بە ئاسایش. ( یونامی ) چەند کەیسێکی تۆمار کردوە کە گومانلێکراوەکان لە گرتووخانە ماونەتەوە بۆ ماوەی دە ساڵ پێش دادگایی کردنیان.لەگەڵ ئەوەی کە ئەو جۆرە کەیسانە کەمن بەلاّم گرتووەکان ماوەی زۆریان پێدەچێت کە لە ماوەی یاسایی تێپەڕ دەکات پێش ئەوەی بنێردرێن بۆ دادگا. بۆ نمونە لە ئێستادا تەنها یەك دادوەری لێکۆڵینەوە لە ئاسایشی هەولێردا هەیە وە لە بەرامبەردا لەوانەیە 100 کەیس هەبێت. ( یونامی ) تا ئێستاش هەست بە نیگەرانی دەکات دەربارەی ئەوەی کە هاوکاریەکی ئەوتۆ لە نیوان حکومەتی هەرێمی کوردستان وحکومەتی ناوەند نی یە بۆ گواستنەوەی گرتووەکان و بەندکراوەکان بۆ دادگایی کردن لەو شوێنانەی کە تاوانەکان تێیدا ئەنجام دراون. دەسەلاّتەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (یونامی)یان ڕاگەیاندووە کە هۆکاری سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کەمی دادوەری لێکۆڵینەوە کە گومانلێکراوەکان درەنگ دەنێردرێن بۆ دادگا. بەلاّم لەم دوایی یەدا ژمارەی دادوەرەکان لە بەرزبوونەوە دایەو ئەمەش بۆتە هۆی ئەوەی کە تاوانبارەکان کەمتر بمێنەوە بەتایبەتی کەیسەکانی دژە تیرۆر.

یەکێك لەو کەیسانەی کە لە میدیاکاندا زۆر باسکرا,کەیسی قایمقامی سلێمانی بوو کە وەك دەڵێن لە ناو گرتووخانەی ئاسایشی گشتی سلێمانی لە بەرواری 14 ی نیسان خۆی کوشت, ئەو کەسە دەستگیر کرابوو بە تاوانی ساختەکردنی بەڵگەنامەی فەرمی و دزینی پارەو پولی گشتی کە پەیوەست بوو بە مامەڵەی زەوی و زار. خانەوادەکەی باس لەوە دەکەن کە گوایە هەرەشەی لێکراوەو ئەشکە نجەش دراوە لە کاتی مانەوەی لە گرتووخانەدا. (یونامی) لە چاوپێکەوتنێکی دا لەگەڵ کەسێکی تر کە لەسەر هەمان کەیس دەستگیرکراوە ئەویش بە هەمان شێوە باسی لەوە کرد کە گوایە بە خراپی هەڵسوکەوتی لەگەڵ کرابێت. لە یەکەم ڕۆژی ڕووداوەکە حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵسا بە پێکهێنانی لیژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە کە دوواتر هۆکاری مردنەکەی بە خۆکوشتن هەژمار کرا.

یونامی تێبینی ئەوەی کردوە کە دادگایی کردنەکان دوادەکەون ئەوەش هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە هاوکارییەکی ئەوتۆ نی یە لە نێوان ئاسایش و دادگای تاوانەکاندا و کە بۆتە هۆی ئەوەی کە تاوانباران لە کاتو ساتی خۆیاندا نەنێردرێن بۆ دادگا. لە یەکێك لە کەیسەکاندا لە شاری هەولێر دادگایی کردنەکە بۆ حەوت جار دوواخراوە بەهۆی ئەوەی کە ئاسایش نەیتوانیوە تاوانبار بنێرێت بۆ دادگا. (یونامی) چەند نیگەرانیەکی تریشی تێبینی کردوە لە دادگاکان ئەویش نەبوونی وەرگێڕی زمان بۆ ئەو شاهید و تاوانبارانەی کە زمانی کوردی نازانن. زۆربەی کات ژمارەی وەرگێڕی زمان لە دادگاکاندا کەمەو ڕۆڵی وەرگێڕی زمان بەدی ناکرێت لە ناو دادگاکاندا. هەروەك بەشەکانی تری عیراق ئەو دانپێدانانەی کە لە میانەی لێکۆڵینەوە لە تاوانبارەکە وەردەگیری دەبێتە بەڵگەی تەواو بۆ تاوانبارکردن لە زۆربەی تاوانەکاندا کە ئەمەش دەبێتە مایەی پرسیار لە بێگەردی دادگایی کردنەکاندا.لە هەندێك ناوچەی دەورو بەرو گوندنشینەکانی هەرێمی کوردستان (یونامی) تێبینی ئەوەی کردووە کە دادوەرەکان ئاگاداری دووایین پێشوەچونە تەشریعیەکان نین یانیش ڕانەهێنراون لە سەریان. لەو حاڵەتانەشدا دادوەرەکان لە بڕیاردا دەگەڕێنەوە بۆ یاسا کۆنەکانی عیراقی کە ئەوەش لەگەڵ ستانداردی نێودەوڵەتی ناگونجێت.

## 2.1. سزای لەسێدارەدان لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا

هەرێمی کوردستان بەردەوامە لە پەیڕەوکردنی ڕاگرتنێکی نا فەرمی بۆ سزای لەسێدارەدان وە لە شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2012 دا هیچ سزایەکی لەسێدارەدان ئە نجام نەدراوە.

(یونامی) زۆر بە کارایی داوای لە دەسەلآتی هەرێمی کوردستان کردووە بۆ ڕاگرتنێکی فەرمی سزاکە ,وە ئاسانکاری کردووە بۆ ئامادەکردنی پڕۆژە یاسایەك بە مەبەستی نەهێشتنی یەکجارەکی سزای لەسێدارەدان. پارتە سەرەکییە سیاسیەکان ئامادەییان پێشانداوە بۆ پاڵپشتی یاساکە,بەلآم هەندێ لە سەرکردە ئاینیەکان و زانایانی موسوڵمان و کریستیان ڕووبەڕوی پڕۆژە یاساکە بوونەتەوە. ئەو پڕۆژە یاساکەش تاکو ئێستا نەچۆتە پەرلەمان.

لە هەمان کاتدا یونامی پێداچونەوەو کۆمێنتی هەبووە لەسەر یاسای لێبوردنی گشتی کە بریتی یە لە سووککردنی ئەو سزا لە سێدارانەی کە لە دادگاکانی هەرێمەوە دەردرچن بۆ زیندانی هەتا هەتایی ئەمەش لە کاتێکدا ئەگەر هاتوو لایەنەکان ئاشتبوونەوە ئە نجام بدەن لەبەردەم ئەو لیژنەیەی کە بۆ ئەم مەبەستە دامەزراوە.بەلآم ئەم یاسای لێبوردنە گشتی یە نۆ تاوان لەخۆ ناگرێت. یاسای لێبوردنی گشتی دووای ڕاوێژکردن و هەموارکردن لە 14ی حوزەیرانی 2012 دەرچووەو ئیستاش لە بواری جێبەجێکردن دایە.

## 2- گۆڕە بە کۆمەڵەکان

بەگوێرەی سەرچاوە گشتییەکان ژمارەی کەسە ون بووەکان لە عیراق لە نێوان 250 هەزار کەس تا سەروی یەك ملیون دەبێت کە لە میانی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ و تاوانەکانی کاتی ڕژێمی صدام و کێشە چەکدارییەکانی چەند ساڵە ون بوونە.بەگوێرەی وەزارەتی مافی مرۆڤی عیراقی ژمارەی ئەو کەسانەی کە بە وون بوو تۆمار کراون لە نێوان ساڵآنی 2003 وە تا 2010 بریتی یە لە 137,520 کەس.

له شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2012 دا چوارده( 14 ) گۆڕی بەکۆمەڵ دۆزراونەتەوە لە پارێزگاکانی ( موسەنناو صلاح الدين ديوانيه و نجف و بصره ) دا. ئەو گۆڕەی کە لە ناوچەی ( حەمرین ) سەر بە پارێزگای صلاح الدين لە 26ی شوبات دا دۆزرایەوە بە گەورەتینیان دادەنرێت کە 158 تەرمی تێدا بوو.

وەزارەتی مافی مرۆڤ شان بەشان لەگەڵ پەیمانگای پزیشکی دادوەری بەردەوامن لە گەڕان و پشکنین بەدووای گۆڕە بە کۆمەڵەکان بە مەبەستی پشکنین وپۆلێن کردن و ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکان.وەزارەت 51 سەردانی ئەنجام داوە بۆ ئەو شوێنانەی کە گومانی گۆڕی بە کۆمەڵی لێدەکرێت لە زۆربەی پارێزگاکان.تیمەکانی وەزارەت دەستبەکار بوون لە سێ گۆڕی بە کۆمەڵدا کە یەکێکیان دەکەوێتە (شهداء السلام) لە شاری ( نجف ) دووانەکەی تریش دەکەونە پارێزگای (بصره) لە ناوچەکانی (الخنيب) وە (ام البروم). وەزارەت هەروەها بە هاوکاری حکومەتی هەرێمی کوردستان هەڵساوە بە ئەنجامدانی پشکنین بۆ چەند گۆڕێکی بە کۆمەڵ کە کەوتونەتە هەرێمی کوردستان.تیمی شارەزای وەزارەت هەڵساوە بە دەرهێنانی چەند تەرمێکی بەجیاو بە کۆمەڵ لە شەش شوێندا کە بریتی بوون لە پاشماوەی 178 روفاتی شەڕی نێوان عیراق-ئیران کە 20 لەو تەرمانە توانرا بناسرێنەوە کە ئێرانی بوون و پزیشکی دادوەری پشکنینی بۆ ئەوەانی تریش ئەنجامداوە تاکو بناسرێنەوە. هەر دەربارەی کەسە وون بووەکان وەزارەتی مافی مرۆڤ بە هاریکاری کۆمیتەی نێودەوڵەتی خاچی سوورو وەزارەتە پەیوەندارەکان بەدوواداچوونی کردووە بۆ کەیسی کەسە وون بووەکان و وەزارەت ئامادە بووە لە چووار کۆبونەوەی تەکنیکی و ئامادە کاری کردووە بۆ سێ نێردە بۆ دۆزینەوەی راستیەکان لەسەر بابەتی کەسە وون بووەکان.

## 1.2 مافی ئافرەت لە هەرێمی کوردستان

حکومەتی هەرێمی کوردستان بەردەوام دەستپێشخەر بووە لە گرنگیدان بە بابەتەکانی توندوتیژی و جیاوازی ڕەگەزی دژ بە ئافرەت و تا ئێستا هەنگاوی پۆزەتیڤی ناوە بۆ چارەسەرکردنی ئەو بابەتانە. پێویستە زاڵ ببین بەسەر ئەو داب و نەریتەی کە ڕەگێکی قوڵی داکوتاوە بۆ بەدەستهێنانی پێشوەچونی بەرچاو لە بابەتەکانی توندوتیژی دژی ئافرەت و منداڵ- زۆر لە کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەنگی خۆیان خستۆتە پاڵ ئیدانەکردنی توندوتیژی لە دژی ئافرەت وە داوای ووشیارکردنەوەیان کردووە لەسەر ئەم بابەتە. لە نیوان ئەم کاربەدەستانەشدا بەڕێز نێچیرڤان بارزانی سەرۆک وەزیرانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە زۆر بۆنە گشتییەکاندا بە ئاشکرا باسی لەو بابەتانە کردووە. هەر کەیسێکی توندوتیژی کە دژ بە ئافرەتان وکچان ئەنجام دەدرێت بە بەردەوامی تۆمار دەکرێت لە سەرتاسەری هەرێمی کوردستان. پێویستە سەرنجی ئەوەش بدەین بەرزبوونەوەی ڕێژەی کەیسەکانی توندوتیژی دژی ئافرەتان تۆمار کراوە لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە دەگەڕێتەوە بۆ ووشیاری و باوەڕی ئەو ئافرەتانەی کە دووچاری توندوتیژی دەبنەوە و کاتێك دینە پێش و باس لە ڕووداوەکانی خۆیان دەکەن کاردانەوە ی دەسەڵات بۆ ئەم رووداوانە چۆن دەبێت.بەگوێرەی بەڕێوەبەرایەتی پیاداچوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان کۆی 2257 حالەت را پۆرت کراوە لە کانوونی دووەم تا حوزەیرانی 2012 .

ژمارە فەرمیەکان ئەوە نیشان دەدەن کە پارێزگای سلێمانی بەرزترین ژمارەی رووداوی توندوتیژی بەخۆیەوە بینیوە ئینجا هەولێرو دهۆك و گەرمیان دێن. هۆکارە سەرەکیەکان زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ باوك سالاری کە سەربەستی ئافرەت سنووردار دەکات هەروەها خراپی بارودۆخی ئابووری دەبێتە ئاگرخۆشکەر بۆ ناکۆکیەکان لە چوارچێوەی خێزاندا. بە پێی را پۆرتەکانی بەرێوەبەرایەتی پیاداچوونەوەی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان 38 حالەتی مردن هەیە کە ئەم ئافرەتانە یا کوژراوون یا خۆیان کوشتووە لە هەمان کاتی ئاماژەپێکراو لە سەرەوە. ئەم ژمارە زۆر زیاترە لە حاڵەتی را پۆرت کراو لە ساڵی 2011 .کە ئەمەش دووبارە دەگەرێتەوە بۆ ووشیاری کۆملگاو دڵنیا بوونی ئەندامانی خێزان بەوەی کە دەبێت ئەو جۆرە حالەتانە را پۆرت بکرێت . ئازاردانی زارەکی شێوەیەکی بەربلاوی توندوتیژیە کە گەیشتۆتە 1415 حالەت. کاتێك 519 حاڵەت را پۆرت کراوە بۆ ئەم ئافرەتانەی دووچاری توتدوتیژی وئازاری جەستەیی بوونەتەوە وە 81 حاڵەتی دەست درێژی سێکسی. 123 حاڵەتی ئەم ئافرەتانەی هەوڵی خۆسووتاندنیان داوە وە 228 حالەتی ڕوداوی سوتان, ئەمە ژمارەیەکی بەرزە بەبەراوورد کردن لەگەل سالی 2011 کە 351 حالەت را پۆرت کراوە بۆ تەواوی ساڵەکە. لە زۆربەی حاڵەتەکانی ناوبراو بە خۆکوشتن لێکۆلینەوەیەکی دادگایی بۆ ناکرێ لەسەر بنەمای جیاکردنەوەی حاڵەتی خۆکوشتنەکان(انتحار) کە ئەمەش کیفایەتە بۆ داخستنی فایلەکە. لە سەرەتای مانگی شوبات دوای رووداوێکی مردووئامێز کە بەهۆی هیتەرەوە ئافرەتێك گیانی لەدەست دا. لێکۆلینەوەی

پۆلیس بەڵگەی تێوەگلانی هاوسەرەرەکەی بەدەستەوە بوو کە ئەو ئافرەتە دەیەویست لێی جیا ببێتەوە. پیاوەکە ئێستا گیراوەو کەیسەکەش بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوە.

شێڵتەرەکانی قوربانیانی توندوتیژی خێزانی و دەستدرێژی سێکسی لە هەرسێ پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بوونی هەیە وە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری یە سەرەتاییەکان و پاراستنی دەستبەجێ و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە مایەی ڕازی بوونە. کەچی چارەسەری کێشەی قوربانییەکان لە دووبارە گەڕاندنەوەیان بۆ ناو گۆمەڵگا گرفتێکی گەورەیە بەتایبەتی ئەو حالەتانەی کە لەلایەن ئەندامانی خێزانەوە هەڕەشەیان لەسەرە.( یونامی ) چەند حالەتێکی تۆمار کردووە کە قوربانیان ماوەیەکی زۆریان لە ناو ئەو شێڵتەرانەدا بەسەر بردووە بەبێ پرۆگرامێکی تۆکمە بۆ دووبارە شیاندنەوەیان. بەرنامەکانی مەشق و ڕاهێنانی پیشەیی بۆ قوربانییەکانی توندوتیژی لە شێڵتەرەکاندا بە شێوەیەکی کاتی یە.

لەگەڵ ئەوەی کەدەسەلاتی هەرێمی کوردستان چەند هەنگاوێکی چاکی ناوە بۆ جێبەجێکردنی یاسای 2011ی " بەرەنگاربوونەوەی خێزان لە توندوتیژی لە هەرێمی کوردستان" بەڵام هێشتا ئاستەگ هەیە لە جێبەجێکردنی یاساکە. لە مانگی حوزەیرانی 2012 ەوە ئەنجومەنی دادوەری هەڵساوە بە دامەزراندنی چەند دادوەرێکی پسپۆڕ بۆ کەیسەکانی توندوتیژی خێزانی لە دادگاکانی هەولێر و سلێمانی و دهۆك. دووەم, ئەو لیژنەیەی کە بە گوێرەی یاساکە دەبوو پێکبهێنرابوایە بۆ ئەنجامدانی ئاشتبونەوە لە نێوان لایەنەکان تا ئێسا پێکنەهێنراوەو کە بۆتە دەرئەنجامی ئەوەی یان دادوەرەکان بە ڕۆڵی ناوبژیوان هەڵدبستن یانیش کەیسەکان بە هەڵپەسێردراوی دەمێننەوە. سێیەم بریتی یە لەوەی کە وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان تاکو ئێستا دەستەیەکی تایبەتی لە ئەفسەری پۆلیسی ڕەگەزی مێ پێك نەهێناوە کە چاك ڕاهێنرابن بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کەیسەکانی توندوتیژی خێزانیدا بکەن. لە پاڵ ئەوەشدا وەزارەت هەوڵی زۆری داوە بۆ وەرگرتنی ئافرەت لە کۆلێجی پۆلیس وەربگیرێن بۆ ئەوەی دووای دەرچوونیان بتوانن لە بەرێوبەرایەتی پێداچونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتاندا کار بکەن. هەروەها وەزارەتی ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوە کردوە کە لە هەوڵی ئەوە دایە یەکەیەکی تایبەت دابمەزرێنێت لە ناو وەزارەت بۆ دۆزینەوەی ڕێگاچارە بۆ نەهێشتنی توندوتیژی دژی ئافرەت.

## 2.2 مافی گروپە ئاینی و ڕەگەزییەکان لە هەرێمی کوردستان

دەسەلاتی هەرێمی کوردستان لە هەمبەر گرژی و ئاڵۆزییەکانی مانگی کانونی یەکەمی 2011 لە زاخۆ کاردانەوەیەکی توندی هەبوو کە بووە هۆی سوتاندنی چەند دوکان و کۆمپانیاییەکی کرستیانەکان و ئێزیدیەکان. ژمارەیەك کەس دەستگیرکران و بەڵێنیش درا کە زیانلێکەوتوان قەرەبوو بکرێنەوە. بە گوێرەی لێکۆڵینەوەکانی حکومەت ئەم پشێوییە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ لە دژی کەمایەتیە نەتەوەییەکان ئەنجام نەدراوە.

لە مانگی حوزەیران هەندێك لە سەرکردە ئاینیەکانی کرستیان لە هەرێمی کوردستان نیگەرانی خۆیان دەربڕی دەربارەی چەند تێکستێك دەربارەی ئاینی مەسیحی لە یەکێك لە کتێبە ئاینیەکانی ئیسلامی کە لە قوتابخانەکاندا دەخوێنرێت. دووای لێکۆڵینەوە لە لایەن وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کتێبەکە لە قوتابخانەکان کێشرایەوەو لێکۆڵینەوەکە گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە هەڵەیەکی نەخوازراو رووی داوەو دووبارە پێداچوونەوە بە تێکستەکەدا دەکرێتەوە.

## 9.1مافی کەمئەندامان لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان یاسای ژمارە 22 بۆ چاودێری کردنی کەسی کەمئەندام واژوو کرا لەلایەن سەرۆکی هەرێم ،لە 26ی کانونی دووەم لە ڕۆژنامەی کوردستان بلاوکرایەوە. یاساکە ئەم پێوانانە دەگرێتەوە فێرکاری، ژێرخانی ئابووری و سێکتەرە تەندروستیەکان بۆ دڵنیا بوون لە بەشداربوونی

کەمئەندامان لە ژیانی رۆژانەی کۆمەڵگە بۆ نموونەکۆتایەك( حصه ) هەبێت بۆ بەفەرمانبەربوونی کەمئەندام لە سێکتەری حکومی یان تایبەت ،دامەزراندنی مامۆستای کارامە وشارەزا لە شێوازی ( برایەل ) بۆ خوێندنەوە وە زمانی ئیشارەت....هتد ).

ئەم یاسایە پێشوازیەکی بەرفراوانی وەدەست هێنا لە لایەن رێکخراوەکانی کەمئەندامان لەسەرتاسەری هەرێم وە ژمارەیەکی زۆریان رۆڵێکی چالاکیان هەبوو بۆ بە درافت کردن وپێشکەشکردنی کۆمێنت سەبارەت بەم یاسایە.لە بواری جێبەجێ کردن تا ئێستا ئەوەی شیاوی گووتن بێت دامەزراندنی ئەنجومەنێکی ویزاری هاوبەشە بۆ چاودێریکردن وپێشخستنی کەسانی کەمئەندام ( مادەی 4 لە یاساکە ) وە نوێنەرێك لە رێکخراوەکانی کەمئەندامان لە ئەنجومەنەکە ئەندامە.

## 10.1 مافی منداڵ لە هەرێمی کوردستان

لە هەرێمی کوردستان بەرپرسیاریەتی لە چاودێری کردنی منداڵ بەشێوەیەکی گشتی دەکەوێتە ئەستۆی ( وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی )حکومەتی هەرێمی کوردستان. بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی کارو کاروبری کۆمەلایەتی لە کۆتایی حوزەیران 109 کور وە75 کچ پێویستیان بە چاودێری کردن هەبووەو لە هەر سێ خانەی بێ سەرپەرشتیاران دانراوون کە لەلایەن حکومەتەوە بەرێوە دەچێت. هەرێمی کوردستان هەوڵی داوە بەدانانی منداڵ لە خێزانی جێگرەوە( العائلە البدیلە ) وە ژمارەی ئەو منداڵانەی لە خێزانێکی تر دانراون لە مانگی حزەیران 174 کور و186 کچن. کە ژمارەکە زیاترە لەو منداڵانەی لە خانەی بێ سەرپەوشتیارانن.

وەك بەشێك لە چاودێری کردنی یونامی بۆ گرتووخانەکان یونامی چەند سەردانێکی ئەنجام داوە بۆ چاکسازی نەوجەوانان لە سلێمانی ودهۆك. لە سلێمانی قەڵەبالغی لە بەشی گرتووخانەدا بەدی دەکرا بۆ شوێنی تاوانبارە نەوجەوانەکان. نیگەرانی جیانەکردنەوەی نەوجەوانی سزادراو وە نەوجەوانی سزانەدراو هەر لەئارایە هەرچەندە لەکاتی شەودا شوێنی حەوانەوەیان جیایە بەڵام لە کاتی رۆژ هەمان شوێنی کات بەسەربردنیان هەیە.

لەشەش مانگی یەکەمی ئەم ساڵ گفتوگۆکان بەردەوام بوون لەنێوان لایەنە پەیوەنی دارەکان دەربارەی پرۆە یاسای مافی منداڵ لە هەرێمی کوردستان بۆ پاراستنی منداڵ لە چەوساندنەوەو توندوتیژی وە دابین کردنی مافەکانیان وەك تەندروستی وخوێندن، ماف بۆ وەدەستهێنانی ناوو ناسنامە وەك گرێنتیەك بۆ پەیوەندی منداڵ لەگەڵ یاسا.

## 11.1 سەربەستی رادەربڕین لە هەرێمی کوردستان

رۆژنامەنوسان ومیدیاکان لە هەرێمی کوردستان لە ناڵاندنێکی بەردەوام دان سەبارەت بە تارگێت کردن وچاوترساندنیان. سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لە ریپۆرتی شەش مانگی یەکەمی ساڵی 2012 ئاماژەی بەوەدا کە تێکرای رووداوەکان بەرامبەر رۆژنامەنوسان 43 رووداوی هەراساندنن رێژەکە کەمترە بۆ هەمان کات بۆ ساڵی 2011 کە تێکرای رووداوەکانی ئامارکراو لەلایەن رێکخراو 250 دانەبوون. زۆربەی رووداوەکان پەیوەند بووە بە کەسانی تێوەڵئاوی خۆپیشاندانەکان.

حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای لەم رۆژنامەنووسانە کرد کە رووماڵی ئەم جۆرە رووداوانە دەکەن کە باج یاخود کارتیکی خۆناساندن بکەنە بەریان بۆ ناسینەوەیان وەکو کارمەندی میدیا.

لە 17 ی شوبات دا سەرۆکی سەنتەری میترۆ بۆ پاراستنی رۆژنامەنوسان بە یونامی راگەیاند لەکاتی رووماڵکردنی بۆ خۆپیشاندانەکانی سلێمانی لەلایەن هێزی پێشمەرگەوە دەستگیرکراوەو لێیدراوە هەر بەپێی ووتەکانی پەیامنێر دەستگیرکردنی ئەم وشەش رۆژنامەنووسی تر 4 کاتژمێری خایاندووە. دوو چالاکوانی مافی مرۆڤ بە یونامیان راگەیاند لە هەمان خۆپیشاندانداندا دەستگیرکراون ولێیان دراوە لەلایەن هێزی ئاسایش .

ڕۆژنامەنوسێك را پۆرتی بێسەروشوێن بوونی خۆی کردووە لە ڕۆژی 8ی حوزەیران لە کاتی بە ڕێگاوە بوونی لە هەولێر بۆ سلێمانی. ئەم کەسە بەرەچەڵەك کوردی ئێرانە وە سەرنوسەری گۆڤاری( ئیسرائیل_ کورد ) ە بانگهێشە بۆ باشترکردنی پەیوەندیەکان دەکات لە نێوان کورد وئیسرائیل ئەمەش زۆر بە توندی ڕەخنە کراوە لەلایەن دەسەڵاتدارانی ئێران. ئێستا کەیسەکە لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە بەهاوکاری هەردوو لایەن دادگا وئاسایشی سلێمانی.

لە 2011 لە هەرێمی کوردستان یاسای ڕۆژنامەنوسان بڕیاری پێدرا کە ڕێگەنادات بە دەستگیرکردن یان زیندانی کردنی ڕۆژنامەنوسان بە هۆکاری نوسینەکانیان. ژمارەیەك لە دادوەران تا ئێستاش یاسای سزای عیراقی ویاسا کۆنەکانی سزای عیراقی دژ بە ڕۆژنامەنوسان بەکاردەهێنن.لە 28 شوبات دوو پەیامنێر یەکێکیان لە کەناڵی ئاسمانی سپێدە لە دهۆك وە ئەوەی تر لە تەلەفزیۆنی خاپور لە زاخۆ سزادران بە دوو مانگ زیندانی کردن لەلایەن دادگای زاخۆ بە پێی یاسای 222 لە یاسا سزای عیراقی ئەم ڕۆژنامەنوسانە لە کانونی یەکەم دەسگیرکرابوون لە کاتی ڕوومالْکردنی ئاژاوەکان لە زاخۆ. ڕووداوەکە ڕەوانەکرا بۆ ئە نجومەنی بالای دادوەری هەرێمی کوردستان.

کاری توندوتیژی لە 8ی ئایار لە هەولێر دەستی پێکرد لەشێوەی ناڕەزایی دژ بە بڵاوکردنەوەی ووتارێك بوون لە گۆڤاری چرپە( لە ڕێکەوتی 2ی ئایار) وە لەلایەن ژمارەیەك لە پیاوانی دین ئەم ووتارە بە کوفر لەقەڵەم درا.

نزیکەی 1000 هاوڵاتی لە خۆپیشاندانەکە بەژداربوون لەبەردەم پەرلەمانی هەرێمی کوردستان. خۆپیشاندانەکە هەلچەرخایەوە بۆ ئاژاوەگێری دەرەنجام دوکانێکی مەیفرۆشی ویانەیەکی تایبەت زیانی پێگەیشت. بەگوێرەی ووتەی هەندێك لە چاودێران ژمارەیەك لە خۆپیشاندەران پەنایان بۆ توندوتیژی برد، وەك بەکارهینانی بەرد ودار وئاسن بۆ ترساندنی هێرش کردنە سەر هێزی ئاسایش وئەندام پەرلەمان وکارمەندی پەرلەمان. بە گوێرەی ووتەکانی پۆلیس 2 کارمەندی پۆلیس وە 2 ئەمدام پەرلەمان و 14 کارمەند بریندداربوون لە دەرئە نجامی خۆپیشاندانەکە. ژمارەیەك لە هاوڵاتی دەستگیرکران لەلایەن هێزی ئاسایش. کە جەختی لەسەر دەستگیرکردنی تەنها 20 هاوڵاتی کرد کە دەستگیرکراوون بەگوێرەی مادەی 10 لە یاسای خۆپیشاندان لە هەرێمی کوردستان. بە پێی ئاماژەی سەنتەری میترۆ بۆ پاراستنی ڕۆژنامەنوسان لە ڕۆژی خۆپیشاندانەکە ژمارەیەك لە ڕۆژنامەنوسان لە شوێنی خۆپیشاندانەکە دوورخرانەوە ودەستگیرکران بۆ چەند کاتژمێریك لەلایەن هێزەکانی ئاسایش.

کۆمەڵەی ئیسلامی کوردستان بە یونامی ڕاگەیاند کە دوو ئەندامیان دەستگیرکراوون، یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان ئاماژەی بە دەستگیرکردنی یەك ئەندامی دا لە خۆپیشاندانەکە.

کەیسەکە دژ بە گۆڤارەکە لە قەڵەم درا لەلایەن وەزارەتی ئەوقاف بە پیی یاسای سزای عیراقی سەرنوسەری گۆڤارەکە لە ڕێکەوتی 7ی ئایار دەستگیرکرا. سەرۆك وەزیرانی هەرێمی کوردستان داوای لە کۆمیتەی ئەوقاف کرد بۆکاروباری ئاینی لە پەرلەمان بەدارشتنی یاسایەك بۆ سنووردارکردنی کوفر. سەندیکای ڕۆژنامەنوسانی کوردستان درافت کردنی ئەم یاسایەی بە پیویست نەزانی چونکە دەبێتە بێهێزکردنی سەربەستی ڕادەربرین لە هەریمی کوردستان لەهەمان کاتدا یاسای ڕۆژنامەنوسان خۆی گشتگیرەو بواری کوفریش دەگریتەوە.

لە 11ی ئایار خۆپیشاندەرانی پارتی چارەسەرکردنی کوردستان سەکۆی نارەزاییان لە نزیك ئۆفیسی نەتەوە یەکگرتووەکان دامەزراند دژ بە حکومەتی دراوسێ وە لەلایەن هێزی پۆلیس لابرابوون. یونامی را پۆرتی پێگەیشتووە کە گوایە سێ 3 خۆپیشاندەر بەر لە بردنیان بۆ بنکەی پۆلیس لێیان دراوە ، بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی هەولێر ئاماژەی بەمە کرد کە ڕێپێدانی فەرمی نەدراوە بە خۆپیشاندەران وە نکۆلی لە ئازاردانی خۆپیشاندەران دەکاتەوە.

...........................................................

## 12.5 کرێکاری کۆچبەر لە هەرێمی کوردستان

بە هۆی بەرقەراربوونی ئاشتی لە هەرێمی کوردستان بەبەراووردکردن لەگەڵ بەشەکانی تری عیراق هەرێمی کوردستان سەرنج راکێشترە بۆ کرێکاری کۆچبەر بۆ پڕکردنەوەی شوێنی کار بە کرێکاری خاوەن توانا سنووردارەکان.

لەسەر بنەمای جموجۆلی چاودێکردن کە لەلایەن ئۆفیسی یۆنامی ئەنجام دراوە زۆرترین شێوەی دووبارەبوونەوە لە ناسازی پەیڕەو لەگەل کرێکاری کۆچبەر دەرنەکردنی رێپێدانی کارتی نشینگەو کارتی کارکردنە. لە زۆر حاڵەتدا کۆمپانیاکان سەرناکەون لە جێبەجێ کردنی مامەڵەکان بۆ کرێکاری بیانی یاخود سەندنی پارەی زۆر لە کرێکاری کۆچبەر وەك ( ابتزاز )کردن کە دەرەنجام دەبێتە دەسگیرکردن وزیندانی کردن بۆ کرێکارەکە.

کرێکاری کۆچبەر بەبێ بەڵگەنامەی یاسایی دووچاری بەدبەکارهێنانی دەبنەوە( استغلال ) وە ئەستەم بوونیان لە مافی سەربەستی هاتووچۆکردن.

ئەم کرێکارانە زۆربەی کات ئامادەنین کە داوای پاراستن بکەن لە دەسەڵات لە ترسی گریمانی ( احتمال )دەستگیرکردنیان.

لەماوەی ڕا پۆرت کردن دا یونامی 50 حاڵەتی دەستگیرکردنی کرێکاری کۆچبەری تۆمارکرد لە هەرێمی کوردستان لە دوو حاڵەت دوو کرێکاری بێ نشینگە گەڕاندرانەوە بۆ ووڵاتی خۆیان لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە.

دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان هەستاوە بە دامەزراندنی میکانیزمێك بۆ وەرگرتن ولێکۆلینەوە لە سکاڵاکان لەگەڵ چاودێری کردنی شوێنی کارکردن. ئاشکراو روون نییە کە کرێکاری کۆچبەر تا چ رادەیەك لە ئاستی مافەکانیان ئاگادارن یاخود ئاگاداریان لە یاساکان کاتێك مافەکانیان رێزی لێ ناگیرێت.

ئەم راستیانەی کە کرێکاری کۆچبەر دەوەستێنێتەوە لە پەنابردن بۆ دادپەروەری ئەمانەن : ئەستەنگی زمان، ترس لە تۆڵەی خاوەن ئیش ،تێچوون ( تکالیف )، نوێنەری یاسایی( محامی ).

## 12.7 دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ لە هەرێمی کوردستان

هیچ هەنگاوێکی پێشخستن نەکراوە سەبارەت بە دامەزراندنی دەستەی سەربەخۆی مافی مرۆڤ. یاساکە لە سالی 2010 دەرچووە بەڵام هیچ هەنگاوێك نەکراوە بۆ جێبەجێ کردنی. لە مانگی شوبات چاوپێکەوتنێك سازکرا لەنێوان ئۆفیسی یونامی وسەرۆکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی کوردستان مەلا بەختیار سەبارەت بە خستنەرووی بەکارخستنی دەستەکە. یەکێتی نیشتمانی کوردستان پشتگیری کردنی خۆی دەربڕی بۆ بابەتەکە. لە هەمان کاتیشدا ئاماژەی بەوە دا کە یاسا دەرچووەکە نمونەیی نییەو دەستەکە( لجنە )هەر لە ژێر چاودێری حکومەت دەبێت بەم جۆرەش بێلایەنی دەستەکە ئەکەوێتە ژێر پرسیارەوە. لە نامەیەکدا بۆ یونامی حکومەتی هەرێمی کوردستان تێبینی ئەوەی کرد کە لە ماددەی 2 ی لە یاسای ژمارە 4 لە ئایاری 2010 کە دەستەی گشتی پێ دامەزراوە ئەم دەستەیە دەکەوێتە ژێر دەسەلاتی پەرلەمان نەوەکو حکومەت.

## 13.1 پلانی کاری هەرێمی کوردستان بۆ مافەکانی مرۆڤ

بەرپرسی ئۆفیسی مافی مرۆڤ لە یونامی ( هەولێر )کاریکرد لەسەر ئامادەکاریەکانی کۆتایی بۆ پلانی کاری هەرێمی مافەکانی مرۆڤ کە بەشێوەیەکی فەرمی جاردرا لە هەولێر لە کانوونی دووەمی 2012 بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لەوەزیرو پەرلەمانتاران و چالاکوانی کۆمەلی مەدەنی.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان ووتارێکی خوێندەوە بۆ گردبونەوەی جاڕدانی پلانەکە وەپیرۆزبایی خۆی ئاراستەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد بۆ ئەم دەستکەوتە. لە کاتێکدا کە حکومەتی فیدڕاڵی لە پەرەپێدانی پرۆسەی پلانی کاری نیشتمان بوو حکومەتی هەرێمی

کوردستان بڕیاری دا بە پەرەپێدانی پلانی تایبەت بە هەرێم لەسەر بنەمای رێنماییەکانی راپۆرتی خولی گشتگیر هەروەها پێداویستیە تایبەتەکانی هەرێم. پرۆژەکە لە تەموزی 2011 دەستی پێکرد لە ژێر چاودێری سەرۆکی هەرێم.

پەرەپێدانی پلانی کاری هەرێمی مافەکانی مرۆڤ سەرپەرشت کرا لایەن گروپێك کە پێك هاتبوو لە نوێنەری وەزارەتەکان، ئەندامانی کۆمیتە پەیوەندارەکان لە پەرلەمان، ئەندامانی رێکخراوەکانی کۆمەلەی مەدەنی. رۆلی ئۆفیسی مافی مرۆڤ دابین کردنی شارەزایانی تەکنیکی ئەبێت. دامەزراندنی ئەنجومەنێکی چاودێریکردن کە پێك دێت لە نوێنەری وەزارەتەکان، پەرلەمانتار وکۆمەلەی مەدەنی بە مەبەستی ئاسانی جێبەجێکردنی پلانەکە. ئۆفیسی مافی مرۆڤ رۆلی چاودێر دەبینێت . پرۆژەکە جێبەجێ کرا لە سەر بناغەی هاوکاری کردن لە دابین کردنی تێچوونی پرۆژەکە( تکالیف ) لە نێوان فەرمانگەی پەیوەندیەکانی دەرەوە وئۆفیسی مافی مرۆڤ .

تا ئەم بەرواره جێبەجێ کردنی پلانەکە لەگەل دامەزراندنی کۆمیتەی چاودێری بە هەلواسراوی ماوەتەوە.

## 14.1 پەرەپێدانی یاسا لە هەرێمی کوردستان

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یاسای لێبوردنی گشتی ژمارە 13ی ( العفو العام ) دەرکرد لە حوزەیرانی 2012 .یەکێك لە ماددە گرنگەکان لەم یاسایە ماددەی ژمارە دووە ( 2 ) کە رێگە دەدات بە گۆرینی سزای لەسێدارەدان بۆ زیندانی تاهەتایی لە کاتێکدا بگەن بە ئاشتەوایی لە بەردەم کۆمیتەی تایبەت. نۆ 9 تاوان بەدەر کراوە لەم لێبوردنە. سەبارەت بە تاوانەکی تر زیندانیەکان ئازاد دەکرێن یا لەسەربنەمای ئاشتبونەوە یاخود سزاکەیان کەم دەکرێتەوە. ئەم زیندانیانەی کە بەشێکی زۆری سزاکەیان بریوە یاسای لێبوردن ئەمانیش دەگرێتەوە. بە گوێرەی ئاماژەی بەرێوەبەری گشتی چاکسازی سەر بە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی لە تەموزی 2012( 756 )زیندانی ئازاد کران لە سایەی ئەم یاسایە.

پەرلەمانی هەرێمی کوردستان یەکەم خوێندنەوەی کرد بۆ یاسای گەیشتن بە زانیاری .ژمارەیەك لە رۆژنامەنووسان وپارتە ئەپۆزسیۆنەکان گلەیی ئەمەیان هەبوو کە یاسا رەشنووسەکە زۆر ئاستەنگ دادەنێت لەبەردەم گەیشتنی سەربەست بە زانیاری ..وە داواکارن کە رەشنوسی یاساکە بە شێوەی ئیستای رەزامەندی لەسەر نەدرێت.

هەولەکان بەردەوامن بۆ هەمواركردنی یاسای ژمارە 11 ی2010 یاسای خۆپیشاندان لە کوردستان، بەشێوەیەکی گشتی ئەپۆزسیۆن شانبەشانی هەندێك ئەندام لە ئیئتیلافی دەسەلاتگێر داواکاری هەمواركردنی ماددەی سێ 3 کە مامەلە لەگەلٚ وەدەستهێنانی رێپێدان دەکات بۆ هەر خۆپیشاندانێك بەلام هیچ هەنگاوێکی فەرمی نەکراوە بۆ گۆرینی.

لە ئازاری 2012 پەرلەمانی کوردستان یاسای ژمارە 30 سالی 1971ی گۆڕی بۆ یاسای ژمارە 4ی سالی2012 کە پەیوەستە بە ئینشورانسی کۆمەلایەتی وخانەنشینی .لە برگەی 1 لەماددەی 1 گشت فەرمانبەرو کرێکارانی کەرتی تایبەت سوودمەند دەبن بە هەمان شێوەی کرێکارو فەرمانبەری حکومی . چەند دامەزراوەیەك وگروپێك لەم یاسایە بەدەر کراون وەك رێکخراوە نێودەولەتیەکان، دبلۆماتکار، هێزی ئاسایش کە سیستەم وسوودی تایبەتیان هەیە.

لە کانونی یەکەمی 2012 وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەلایەتی چەند رێنماییەکی دەرکرد لەژێر ناوی ( رینمایی بۆ بەکارهێنانی چەك لە ناو چاکسازیەکان ) کە رێگە بەستافی چاکسازیەکان دەدات بە بەکارهینانی چەك لە بارودۆخی تایبەت وە روون کردنەوەی شێوەو قۆناغی بەکارهێنان .تەنها چاکسازی نەوجەوانانن بەدەر ئەبێت لە رێنماییەکە. رێنماییەکان لە رۆژنامەی کوردستان ژمارە 145 ی 30 ئایاری 2012 بلاوکرایەوە.